# بەڵێ تۆش گەندەڵی ...

بەتەنیا تەواوی دەسەڵات لەبڕیاردەر و بەڕێوەبەران تاکو هەندێکی فەرمەنبەرانی گەندەڵ نین بگرە منیش گەندەڵم ... ( لەناو دوو کەوانە تێبینی و سەرنجەکان دەخوێنینەوە شیکاری دەرهاویشتەی ئەو بۆچوونە دەکەین کە هەرسێکمان گەندەڵین ئەوجا ڕستەکە تەواو دەکەین . گەندەڵ بەواتا داتەپین و داڕزانە کە لەئەنجامدا هەرشتێک گەندەڵ بوو بۆگەنە سودی نامینێ . گەندەڵی دەربڕینێکی گشتگیر و بێ تخوب لێکدانەوە هەڵدەگرێ لەفەرهەنگی سیاسی دزی و درۆ هەروەها بەهەدەردانی توانا و ماڵی گەلە لەبەڕێوەبردندا بەتایبەت گەر بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاربردرێ . ئەم وشە لەم سەردەمانە گەلەک بەکاردێ بەئەندازەیەک زۆرجاریش لەشوێنی خۆیدا نی یە گەندەڵ بەگەندەڵ دەڵێ تۆ گەندەڵی . سەرڕای ئەوەی گومان لەگەندەڵی دەسەڵاتدا نی یە کەسیش پاکانەی بۆ ناکا ئەو دەردەش هەر باڵاگەردانی دەسەڵاتی حیزبی و حکومی هەرێمی کوردستان نی یە دەشێ لەزۆربەی دەسەڵاتەکانی دنیا دیاردەی گەندەڵی بدۆزرێتەوە لەچەپ و کۆمۆنیست ، ئیسلامی سیاسی و دیکتاتۆر ... تا دەسەڵاتە دیموکراتەکانیش . گەندەڵ و گەندەڵچی لەسیاسەتدا هێزێکی نابینای تۆمەت و جوێنبازیە لەگۆتنەوەیدا دەسکەلای موشەشکێنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە هەروەها زۆرگۆی زانا و بێ ئاگایە ! نەدەسەڵات تاسەر بۆکەسە و نە ئۆپۆزسیۆنیش تاپۆی بەرەی چەند کەسە ، هەردووکیان دەگۆڕێن تەواوکەری سیستەمی بەڕێوەبردنن جار هەیە بەپەیمان یا بەشەڕ یان دەنگدان پەیام و ئامانج ، کار و کاردانەوەیان دەگۆڕێ . ئەوانەی دوێنێ لەقۆناغی ئۆپۆزسیۆنیان لەخەباتی نیشتمانپەروەری دژی داگیرکەران دابوون نوێژ لەسەر دامەنیان دەکرا ئەمڕۆ زۆرگەندەڵن چونکە لەقۆناغی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتیان هەیە ناتوانن ئەو هەموو سامانەی بەردەستیان بۆخۆیان نەدزن ! کێ دەڵێ تۆی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا دەسەڵات

بگری لەوچاتری یان گەندەڵتر نابی ؟ دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن وەک دوو جەمسەری مەگناتیسن هەردووک بۆ کورد و کوردستان پێویستن زۆریش خۆشەویستن گرینگ نی یە کێ لەمبەرە و کێ یتر لەوبەرە گرینگ لەیەکگەیشتن و دۆزینەوەی ناوەندی چارەسەرە . من لەئێوەم بۆیە منیش گەندەڵم زۆر بەسادەیی چونکە حەزدەکەم بێ ماندوبوون زۆرترین پاداشت بکرێم ، موچەکەم مانگانە زیاد بکا ، گەر شتێکیشم بەدەست بێ ئەوا دەیان لەخزمەکانی خۆم دادەمەزرێنم بەپشتەپیاوی پارێزی خۆم ، سکرتێر و دەرگەوان و باخەوان لەکاتێکدا پێویستیم هەر بەدوان سیانێکە ! لەکام بەرەشدا قازانجم هەبێ ئەم بەر و ئەو بەر دەکەم . گەر دەتەوێ دڵنیابی لەخۆت برۆ بەتەنیا بەرامبەر ئاوێنەیەک بوەستە ، ڕاستگۆ لەگەڵ خۆت بدوێ هەرچەندە کەسێکی باشیش بی مادام گۆڕەپانەکەت چۆڵ و جێهێشت بۆ کەسانی خراپ ئەگەر سبەی دەسەڵاتیشت هەبێ گیانی ناوچەگەری وات لێدەکا خەڵکی گوندەکەی خۆت بکەیە دێوەزمە بەسەر ئەوانی تردا ، ئەوا ڕوون خۆت بناسە گەندەڵ دەبی چونکە خاوەن بیر و پەروەردەی گەندەڵی . بۆ تەواو کردنی ڕستەکەی دەسپێک لێرەوە کەوانەکە دادەخەین ) ... چونکە کۆی گشتی سیستەمەکە خۆی گەندەڵە سیستەمی گەندەڵیش بەرهەمی گەندەڵی دەبێ . لەم ڕیزە وشەی هۆنراوەدا خۆت ببینەوە بزانە کامیانی ؟ دڵنیابە بەهەریەکێک لەو دەردانە تۆش تا هەوک و ئەستووت نوقمی زەلکاوی گەندەڵی .

واستەیە باڵ باڵینە پەتاش حیزبگەری
دیاردەی گەندەڵیە گەلەی دەستەگەری
هاوپەیمانی و بێ پەیمانی پەیماندەری
لەتەزویردا بلیمەتی فێڵبازی داهێنەری
ڕەوشت فرۆشی بەرتیلخۆر و بەرتیلدەری
بێدادی بێ ویژدانی دابەشینی تەندەری
خزمان خزمێنە مەشەخۆری مووچەدەری
بن دیواری زیاد لەدوو سێ مووچەبەری

میدیاوانی چەواشەیی هەڵخەڵەتێنەری
ڕۆژنامەنوسی درۆنووسی و بێ خەبەری
چەنەوەشێنی دەم بۆگەنی و جوێندەری
زۆرەبڵێ ی بەر بڵندگۆی سەر میمبەری
دووڕووی درۆزنی پاشەملان لێخوێنەری
ماستاوچیەکی ڕییاکاری خۆڕەپێشکەری
دەسەڵاتی یا ئۆپوزسیۆن بی فریوودەری
هەر بەلاش کوڕی هەژار بەکوشت دەری
هەڵات بۆکورسی یە تەپڵی شەڕلێدەری
پارەخواز و میکاڤیڵی ئاکار لەناوبەری
ڕووخێنەرێکی گۆڵمەزگەری بارتێکدەری
دەم بەئاشووبی ناو گۆڕەپانی هاندەری
سەرا لەبیرت عەشایەری و ئیسلامگەری
ئەوان گەندڵن ، من تۆش هەر گەندەڵی

دلشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com